# ئیزنم بدەی هەر دەچم، ئیزنم نەدەی هەردەچم. . !

**نورەدین سەعیدوەیسی**

هێشتا چوار کچە شامی بەژن سنەوبەری ومەمك قیتم نەدیبوون کە هاورێیەکم لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم:

- بەمن دەکەی لەکەلی شەیتانی دێیە خواری ً و کەرو بارت بەرە و هەولێری ٚ تێك دەنێیەوەو واز لەخاریج و ماریجی دێنی

تۆزێك بیرم لەقسەکەی کردەوە، پاشان لێم پرسی:

- کردنەوەی بارەگای پارتی ویەکێتی لەهەولێرو سلێمانی، لەسەر هاتنەوەی من پەکی کەوتووە؟
- نەوەڵا
- ئەگەر بێمەوە باج وسەرانەی سەرخەڵکی کەم دەکەن؟
- نەبەخودای
- ئەگەر خودا لێی گۆڕیم و گەڕامەوە بلێی پارکی هەولێری ً وەك چۆن بۆ ماڵە بەرپرسان دەرگای لەسەر گازی پشتە بۆ خەڵکی دیکەش وای لێ بی ٚ؟
- باوەڕناکەم
- ئەدی چەتەکانیpmf یش دەرناکەن؟
- هەرگیز، چۆن دڵیان دێ دڵی تورکیا بڕەنجێنن
- باشە ئەگەر شەیتانم بەلەعنەت کرد وهاتمەوە، پارتی ویەکێتی وبزووتنەوەی ئیسلامی واز لەدۆستایەتی و داکۆکیکردن لە خەزرەجی وسامەڕاتی ومشعان جبوری دەهێنن؟
- ئیستەغفروڵا، کاری وا چۆن دەکەن

دەنا حەسەن سیساوەیی گوتەنی ( ( ئیزنم بدەی هەر دەچم، ئیزنم نەدەی هەردەچم٭) ) . . !

٭کۆپلەی حەیرانێکی حەیرانبێژی ناسراو (ح. سیساوەیی) یە. .

**شام**
**nuradinwaisi@hotmail.com**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆی بڕوابونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......